**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبـان**
**بەنـاوی گەلەوە**
**ئە نجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنـان :٢٤**
**رۆژی دەرهێنـان : ٢٠٠٤/٢/٧**

پشت بە حوكمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی سـاڵی (١٩٩٢) و، لەسـەر داوای ژمـارەی یاسـایی لـە ئەنـدامانی ئەنجومـەنی نیـشتمانی و، ئـەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردسـتانی عێـراق ، لـە دانیـشتنی ژمـارە(٤٠)ی رۆژی (٢٠٠٤/٢/٧) یدا بەئەنجامی گەیاندووەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش كە بڕگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسـای ژمـارە( ٢٤ )ی سـاڵی/٢٠٠٤**
**یاسـای دەوام پێـتدانی بەركارخسـتنی یاسـای ئەحواڵی شەخصیی ژمارە( ١٨٨ )یهەمواركراوی ساڵی ( ١٩٥٩ ) لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا**

**ماددەی یەكەم:**
بەركارخـستنی یاسـای ئـەحواڵی شەخـصیی ژمـارە (١٨٨)ی هـەمواركراوی سـاڵی (١٩٥٩)، لـە هەرێمی كوردستانی ـ عیراقدا لەكاردا دەبێت.

**ماددەی دووەم:**
لە بارێكدا ئەگەر بڕیاری ژمارە (١٣٧)ی رۆژی (٢٠٠٣/١٢/٢٩)ی ئەنجومەنی حوكم بخرێتە بەركار یان هەر بڕیارێ یان هەر یاسایێ بخرێتە بەركار كە بە راشكاوی یان بە چمنی ئیلغای ئەو یاسـایە بكات كە لە ماددەی یەكەمی سەرەوەدا هـاتووە، ئـەوە، لـەو بـارەدا ئـەو یاسـایەی لـە مـاددەی یەكەمی سەرەوەدا هاتووە دەبێتە یاسایەكی تایبەت لە هەرێمی كوردستانی عیراقدا.

**ماددەی سێیەم:**
پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی ـ عێراق ولایەنە پێوەندیدارەكانیش ئەم یاسایە بخەنە بەركار.

**ماددەی چوارەم:**
ئـەم یاسـایە لـە رۆژی دەرهێنانیـەوە دەخرێتـە بـەركارو لـە (وەقـایعی كوردسـتان) دا بـڵاو دەكرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆكی ئە نجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## هۆكــاره پێویســتــەكان

لەبەر ئەوەی كە یاسای ئەحواڵی شەخصیی ژمـارە (١٨٨)ی سـاڵی ١٩٥٩ بـە دەسـكەوتێكی گرنگی گـەلی عێـراق دادەنـرێ و، هاوگونجـانێكی تـەواوی لـەنێوان حوكمـە شـەرعیەكان و یاسـا وەزعیەكان و بیروڕای زیاتر گونجاوو پتر لەباری فوقەهادا سـازاندووەو، لەگـەڵ هەسـت و رۆحـی سەردەمدا لەبارەو، لە رێگای یەكخستنی چاوگەكانی دادوەرییەوە، سەقامگیریی بۆ ژیانی خێزان و مافـەكانی تاكـە تاكـەی خـەڵك دابـین كـردووەو، یاسـاكارییەكی یـەكگرتووی لـە حوكمـەكانی ئەحواڵی شەخصیدا داهێنـاوە كـە بنیـادێكی شایستەی بـۆ سـەقامگیریی بـارودۆخی خێـزان بـە جۆرێ دامەزراندووە كە مافە شەرعیەكانی ئافرەتی واتا (نیوەی كۆمەڵگە)و، منداڵانیش كـە هـەر هەموویان بڕبڕەی پشتی كۆمەڵگەن و بەردی بناغەی كۆمەڵگـەن، زامن كردووە، بۆ ئـەوەی دادو عەدالـەت و هاوســەنگی و ســەقامگیریی كۆمەڵایەتـی بێتە دەست.

لەبەر ئەوەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، یاسای ئـەحواڵی شەخـصیی بـە پێزترو دەوڵەمەندتر كردووەو، یاساكاریی بەرەو چاكتر بردنی تایبەت بە كوردسـتانی عیراقیـشی بـۆ زیـاد كـردووەو، بووەتـە مایـەی رەزامەنـدیی چـین و توێـژە جۆربـەجۆرەكانی كۆمەڵگـەی كوردستان، ئەگەر بێت و ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی حوكم بخرێتە بەركار، ئـەوە، لـەو بـارەدا ئـەو ئەحكامە زیادكراوانەمان پووچەڵ دەبێتەوەو، هەنگاوێكیش بەرەو پاشەوەمان دەگێڕێتە دواوەو، ئەمەش نە رەزامەندیی گشتیی لەگەڵ بووەو نە لەگەڵیشی دەبێ. لە بارێكدا ئەگەر بڕیاری ژمارە (١٣٧)ی رۆژی ٢٠٠٣/١٢/٢٩ بخرێتە بەركار، ئەوە دەبێتـە هـۆی چـەند لایەنـەكی و پرشـوبڵاویی چـاوگەی حوكمـەكان و بـە فیرۆدانـی سـامانی بـە نـرخ و گـەورەی حوكمـەكانی دادوەری و ئـەو سەوابقە دادوەرییە شەرعییانەش كە زەخیرەیەكی بـە نـرخن و سـاڵەهای سـاڵە كەڵەكـە بـوون و پارێزراون. جا، لەبەر ئەو هۆكارە زەروورانە ئەم یاسایە یاساكاری كرا.

ئــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com